# ئازاری ژنێک لە نێوان گەندەڵی دەسەڵات و بێخەمی کۆمەڵگا

یەکێک لە کۆسپە هەرە گەورەکانی بەردەم جیابونەوەی ئەم ژنە لە هاوسەرەکەی (بێ لانەیە) بێخانەیە کە خۆیو منداڵەکانی تیادا کۆبکاتەوە. گەرچی سەختی ژیان لەگەڵ هاوسەرەکەی ناچاریکردووە تاکو ئێستا چەندین جار داوای جیابونەوە بکات، بەڵام بەناچاری پەشیمان بوەتەوەو گەڕاوەتەوە لای هاوسەرەکەی.

ئەمە یەکێکە لە کێشەی ئەو ١٥ ژنەی کە لەم مانگەدا ڕوویانکردوەتە سەنتەرەکەمان کە لەڕاستیدا دوو کێشەی ئاڵۆزن یەکەمیان جیابونەوەی ژنەکەو بێخانەییەتی، دووەمیان دابڕانی منداڵەکانن. لەیەکتریو لە دایکەکەشیان لەهەمان کاتدا.




## خولێک بۆ بە مەدەنی کردنی داواکاری گەنجان

سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ DHRDبەهاوکاری ڕێکخراویNEDپڕۆژەی خولێکی داواکاری مەدەنیانە لەلایەن گەنجانەوەو پەرچەکرداری مەدەنیانە لەلایەن دەسەڵاتەوە بۆ گەنجانی هەڵەبجە کردەوە.

سەروەر علی جەعفەر بەڕێوەبەری پرۆژەکە بە ڕێوانی وت:" پرۆژەکە بۆ گەنجانە و بۆ ئەوەی لەمەودوا بە شێوەیەکی مەدەنیانە خۆپێشاندان بکەن و گروپێك پێك بهێنن بۆ چاودێری کردنی پرۆژە خزمەتگوزاریەکان و لەهەمان کاتیشدا بۆ بەدواداچوونی ئەو بەڵێنانەی کە حکومەت دەیدات"

وانەبێژانی خولەکە پێك هاتوون لە ژمارەیەك لە مامۆستایانی زانکۆو رۆژنامەنوسان و چالاك لە بوارەکانی مافی مرۆڤدا.

کلسوم ئیبراهیم بەشداری بووی خولەکە ووتی" لە میانەی وانەکاندا گفتوگۆی چڕوپڕ لەسەر خۆپێشاندان و رووبەروو بونەوەی جەماوەر و دەسەڵات دەکەین و ئێمە بەشداربوان زیاتر جەخت لەوە دەکەینەوە کە دەبێت دەسەڵات زیاتر بەدەم داواکاریەکانمانەوە بێت".

خولەکە ماوەی یەك ساڵ دەخاینێت بەلام بەشێوەی ووڕك شۆپ و بۆ هەر ووڕك شۆپێك ژمارەیەك گەنج بەشداری تێدا دەکات، ووڕك شۆپی یەکەم لەرۆژی ٢٠٠٦/٧/١/ دەستی پێکردوە بیست و پێنج گەنج بەشداری تێدا کردوە.

## کچێکی کورد لە ئیتاڵیا خەڵاتی برونزی وەردەگرێت



لانە سۆران کچە کوردێکی تەمەن ١٣ساڵ لە فیستیڤاڵی پیانۆی کلاسیکدا کە لەشاری SanBartolomeo al Mare ئیتالیا سازکرابو، خەڵاتی برۆنزی لە ژەنینی پیانۆی کلاسی وەردەگرێت و پلەی سێهەم بەدەست دەهێنێت.

لانە لەتەمەنی ٨ساڵیدا خولیای مۆزیک دەبێت و هەر لەو ساتەشەوە لە ئەکادیمیای بچکۆلەکانی شاری ستۆکهۆڵم لە بەشی پیانۆ دەخوێنێت، هەروەها بەشداری لە چەندین کۆنسێرتی ناوەوەو دەرەوەی سویدی کردووەو یەك کلیپی بۆ تەلەفزیۆنەکانی کوردستان ئامادەکروە.

## ڕێکخراوی ئەگرۆدیڤت خولێکی ڕاهێنان بۆ ژنان دەکاتەوە

**وا بڕیارە لە ئایندەیەکی نزیکدا ڕێکخراوی ئەگرۆدیڤت پرۆژەی خولی ڕاهێنان لە سەر تراکتەرو بەردەوامی پێدانیو چاککردنەوەی بۆ ژنان ساز بکات.**

ڕێکخراوی ناوبراو تایبەتە بە کاروباری کشتوکاڵ بەنیازیشە ئەم دوو پرۆژەیە لە ناوچەکانی (سلێمانی، هەولێر، دهۆك، کەرکوك، کفری، موصڵ) ئەنجام بدات. سەبارەت بە ئامانجی ئەگرۆدیڤت لەم خولە وەک شالاو رەسوڵ بەڕێوەبەری ڕێکخراوەکە دەڵێت "پرۆژەی خولی راهێنانی ژنان لەسەر تراکتەرو ئیدامەکردن و صیانەکردنی یەکێکە لە پرۆژەکانی ڕێکخراوەکەمان بۆ ئەوەی ژنان وەك چۆن شانبەشانی پیاوان کاریان کردوە بەهەمان شێوەی زانستی رابهێنرێن"، ئەم خولە بۆ هەر ناوچەیەك ٢٥ژن بەشداری تێدا دەکەن و ماوەی١٠بۆ١٥ ڕۆژ دەخایەنێت، هەروەها پرۆژەی هەنگەوانیش یەکێکی ترە لە پرۆژەکانی ڕێکخراوەکە بەهەمان شێوە لەهەر ناوچەیەکدا ٢٥بۆ٣٠ژن بەشداردەبن، شالاو دەڵێت" بڕێك پارەی دیاریکراو وەك ڕۆژانە بۆ بەشداربوانی خولەکە دیاریکراوە و لەکۆتایی خولەکەشدا دیاری تایبەتی ڕێکخراوەکە دابەش دەکرێت بەسەر بەشداربواندا".

## ئێوارە کۆڕێک بۆ خوێندکاران

تاکەی خۆم بدوێنم ناونیشانی ئەو کۆڕە شیعریەیەکە بۆ خوێندکارانی ئامادەییەکانی سلێمانی ساز دەکرێت.

ڕێکخراوی سۆڵیداریەتی خوێندکاران ئێوارەکۆڕێکی شیعری بۆ کچان و کوڕانی ئامادەییەکانی سلێمانی لە ٢٠٠٦/٨/١٦ کاتژمێر٥:٣٠ لە هۆڵی سلێمانی سەنتەری گەنجان سازدەکات، بەشداربووان هەریەك بە خوێندنەوەی شیعرەکانیان کۆڕەکە دەڕازێننەوە کە لە هەر یەک لە (کەنار غەفور، هێشوو یاسین، لانە تاهیر، رزگار جمال، بەرهەم محمەد، رەنج فەرەیدوون، ئاسۆ قادر، محمەد) پێک هاتووە.

*لە پێشانگایەک ئیسماعیل حەسەن*

## جیاوازییەکانی هەردوو ڕەگەز نمایش دەکات

هونەرمەند (ئیسماعیل حەسەن) پێشانگایەکی تایبەتی لە هۆڵی سارای شاری هەڵەبجەی شەهید کردەوە. هونەرمەند لەم پێشانگایەدا کە تایبەتە بەبەرهەمە هونەرییەکانی گوزارشت لە جیاوازی دابەشکردنی کار لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا دەکاتو لەلایەکی دیکەشەوە گوزارشت لە چەوساندنەوەی ژن بەدەست گۆمەڵگا دەکاتو دەڵێت" کاردابەشکردنی کۆمەڵایەتی ژنی کردە کۆیلەی پیاو، تاکو ئەم جیاوازی سیستەمو پەیوەندیە کۆنو دارزیوانە بنەبڕ نەکرێت ناتوانرێت قسەیەك لەسەر بەرابەری بکرێت".

هونەرمەند لەم پێشانگایە کە لە ٢٠٠٦/٨/٧ کرایەوە بەشێوازی کاریکاتێرو شێوەکاری بیروبۆچوونی خۆی دەربڕیوە.



## نواری

### خۆ هەر دەگیرێم پێویست بەرەسمەکانی تۆ ناکات

هەموتان جاسوسن، ئەمە قسەی زۆر لەخۆپیشاندەران بوو، ئەم قسەیە ناکرێت هەروا تێپەرێت لەو روانگەیەی کە راگەیاندن دەسەلاتی چوارەمە سەکۆی خستنەروی داواکانی هاولاتیو کێشەکانیانە، بۆ ڕەنگدانەوەی ئەو چالاکیانەی کە ئەنجامی دەدات، کاتێك جەماوەر متمانەی بەم دەسەلاتە نەمێنیو بەپێچەوانەوە وا هەست بکات گورزی کوشندەی لێ دەدات، ئەمە ترسناکە

دەکرێت بلێین، کە ئەم بێ متمانەییە لەنێوان جەماوەرو رۆژنامەنوسان دەگرێتەوە بۆ دوای رووداوەکەی مانگی سێ لە هەڵەبجەی شەهید روویدا، کە بەزۆر کامێرای کەناڵەکان و رۆژنامەکان لەلایەن ئاسایشەوە دەستی بەسەردا گیراو ژمارەیەك لە خۆپیشاندەران بەهۆی ئەو کامێرانەوە گیرانو خرانە زیندانەوەو جەماوەری لەرۆژنامەنوسان تورەکرد، ئەم تورەییەش لەخۆپیشاندانەکانی کفریو چەمچەماڵو دەربەندیخانو کەلارو سلێمانی بەرونی دیاربوو، ئەو کاتەی جەماوەر پاڵیان دەنا بەرۆژنامەنوسانەوەو قسەیان پێ دەوتن، خەڵکی وایان لێهاتبوو چەندە لە هێزەکانی ئاسایشو پۆلیس دەترسان ئەوەندەش لەو کامێرایانە دەترسان کە رەسمی خۆپیشاندانەکەیان دەگرت، دەموچاویان داپۆشیبوو سەریان دادەخست و هاواریان لێ دەکردین لێیان دوور بکەوینەوە، چیتر بە رەسم گرتن بێزاریان نەکەین و جارێکی تر رووبەرووی گرتنو زیندان نەبنەوە، هەندێکیش هاواریان لێ دەکردین رەسم بگرە بەدڵی خۆت، خۆ هەر دەگیرێین پێویست بەرەسمەکانی تۆ ناکات، ئێمە چیمان لەگەنجەکانی هەڵەبجە کەمترە.

دەتوانین بلێین ئەو هەموو کامێرانەی رەسمی خۆپیشاندەرانی پێدەگیرێت و دواتر خۆیانی تیا دەبیننەوە، بونەتە هۆکاری ئەوەی نەتوانن جیاوازی بکەن لەنیوان رۆژنامەنووسان و ئەو کەسانەی بۆ جاسوسی رەسم دەگرن ئەمەش متمانەی نێوان رۆژنامەنوسانو جەماوەری نەهێشتووە .